# پاک ڕاگرتنی پارکەکان ئەرکی سەرشانی هەمووانە



## دیمەنی ئەو هاوڵاتیانەی سەردانی پارکی ئازادی دەکەن

پارکی ئازادی شاری سلێمانی یەکێکە لەو شوێنانەی کە خەلکێکی زۆر بۆ بەسەر بردنی کات لەرۆژانی هەینی دەچنە ئەوێ ، لەم روەوە واتە خەڵک و کارگوزارانی پارک پێوەندیکی راستەو خۆیان هەیە بۆ پاراستنی باخچە و راگرتنی پاک و خاوێنی شوێنەکان.

بۆ زانیاری زیاتر لە بەرەو پێش چوونی چۆنیەتی بواری رۆشنبیری وڵاتیان بە پێویستام،ن زانی چەن پرسیارێک لە نێو وڵاتیان و کارگوزارانی پارکی ئازادی ئاڵ و گۆڕ بکەین سەرەتا لە وڵاتی ئیبراهیم کە لەگەڵ منداڵ و خێزانەکەی بۆ پارک هاتبوون دەستم پێ کرد.

پ؛ ئێوە تاچەند لەکاتی خۆتان بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش لەنێو پارکدا تەرخان دەکەن؟

و؛ ئێمە سەرەڕای ئەوەی کەماڵمان دورە و لەدەرەوەی شارین بەڵام خێزانەکانمان پێویستیان بە پارک هەیە ئەگەرهەموو رۆژێکی هەینی نەتوانین بین بۆ پارک لە مانگ دا دوو رۆژی هەر دین .

پ؛ ئێوە بۆ پاک و خاوێنی پارک تاچڕادەیێک خۆتان بە بەرپرسیادەزانن؟

و؛ ئێمە تائێستا کە خواردنمان هێنابێ بۆ پارک ، کارێکی وامان نەکردوە کە بەرەو رووی کارگوزارانی پارک بینەوە یان خۆ لیمان عاجز بن.

پ؛ ئێوە پاشماوەی خواردنەکانتان چی لێ دەکەن ؟

و؛ ئێمە دەی خەینە نێو زبڵدانەکەو منداڵەکانمانیش هەروەها فێر بوون کە ئێمە چۆن پاک و خاوێنی پارک ڕادەگرێن ئەوانیش سەیری ئێمەدەکەن، لەراستی جاران زۆر بەدەگمەن ئەو کارەمان دەکرد بەڵام ئێستا بە هۆی ریکلامەکانی نێو تەلەفزیۆن ئاگاداری هەڵسوکەوتی خۆمان دەبین وە بیرمان دەهێنن کە زۆر کارێکی باشە.بۆزانینی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی وڵاتیان لەنێو پارک لە کرێکاری پارکی ئازادی (ع- س)ینم پرسی کە؛

پ؛ ئێوە لەو کاتەوە لێرە ئیش دەکەن خەڵک چۆن پارێزگاری لە پارک دەکەن؟

و؛ هەندێ خێزان هەن گوێ نادەنە ئاگاداریەکان بە کەیفی خۆیان خواردن دەهێنن و پاشماوەی خواردنەکانیان فرێ نادەنە نێو زبڵدانەکە یان بەجێی دەهێڵن و بۆ ئێمە.

پ/ ئێوە چیتان کردووە بۆ ئاگاداری وڵاتیان

و/ ئێمە ئێستا چەند چاودێرمان داناوە کە بەسەر خێزانەکاندا وەک شوان دەگەرێن بەسەر خەڵکدا تاک و پیسیو پاشماوەی خواردنەکانیان فرێنەدە نێو باخچەکە بەڵام ئێستا لەچاو پارو پێرارخەڵک باشتربووەو خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن بۆ ئەوەی شوێنی حەسانەوەی ئەوانەوە دەبێت بەجوانی بی پارێزن بەراستی شێوەی پێشکەوتن کەم کەم خەریکە دەردەکەوێت

پ/ تائێستا تووشی نارحەتی بویت لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە دێنە ئێرە؟

و/ بەڵێ جارێک گەنجێک بتلێکی ئاوی پێ بوو کە ئاوەکەی تەواو بوو هەروا بەبێ ئەدەبی فرێیدایە نێو باخچەکەوە منیش پێم وت کاکە گیان ئەو کارە ناشرینە، دەتوانی هەڵبگری و بۆ نێو زبڵدانەکەفرێی بدەیت، بەڵام زۆر بە ناشرینانەن وتی ئەی شارەوانی بۆچی ئێوەی لێرە داناوە خۆت فرێی دە نێو زبڵدانەکەو منیش زۆر نارەحەت بووم وتم زۆر حەیفە کە ئەو جل و بەرگە جوانە لەبەر تۆدایە هەر کەس بت بینێ وادەزانێ ئیسانێکی رۆشنبیرو زۆر عاقلی ئویش پێمی وت لەمن گەورەتری ئەگینا خۆم دەمزانی چیم لێ دەکردی، رەفیقەکانی بردیان و منیش لەدڵی خۆم وتم قوربەسەر ئەو کچەی بە جل و بەرگی ئەمانە دەخەڵەتێن.

هەر لەو کاتە چەن گەنجێک پێکەوە بوون ساردیان دەخوارد بەدوایاندا رۆیشتم بینیم یەکێک لەو گەنجانە قوتی ساردیەکەی فرێ دایە نێو زبڵدانەکە بەڵام ئەوی دیکەیان هەروا فرێ دایە نێو باخچەکە لەوگەنجەی یەکەمم پرسی

پ؛ هۆکاری چی بوو تۆ قوتی ساردیەکەت فرێ دایە نێو زبڵدانەکە نەدەتوانی وەک هاورێکەت فرێ بدەیە نێو باخچەکە

و؛ من ئەم پارکە بەماڵی خۆم دەزانم و لەماڵیشەوە پێمان دەڵێن کە لەو جۆرەشوێنانە ئاگاتان لە هەڵسوکەوتی خۆتا بێت تاکو دڵنیگەرانی بۆ وڵاتیان دروست نەکەن مافی ئەوانی دیکەش بپارێزین.

پ؛ کەسی دووهەم لێم پرسی کەبۆ ئێوە نەتان توانی تۆزێک هەست بە بەرپرسیارەتی بکەیت و قوتی ساردیەکە فرێ بدەیتە نێو زبڵدانەکە؟

و؛ باشتر بوو بەڵام من لە زبڵدانەکە دور بووم هەڵمدا نەکەوتەناوی

پ؛ چەنێکی پێ دەچو کە بگەرێتەوەو بت خستایە نێو زبڵدانەکە ئایا ئەم کارەت جوانترنەدەبوو ؟

و؛ وایە بەڵام لەم جارەوە وادەکەم تاکو کەسانێکی تر وەک من نەکەن و پاک خاوێنی پارک بپارێزن تەنانەت ناو شارێش.

کاتژمێر هەشتی شەو بوو دوو کەس بە هەویەیکی شارەوانی بەناو خەڵکەکە دەهاتن و دەچون زوزو سەیری ناو خەڵکەکەیان دەکرد لێ پرسی

پ؛ ئێوە کێن بۆ وازوزو سەیری ئەو خێزانانە دەکەن ؟

و؛ ئێمە چاودێری ئەو خەڵکەدەکەین تاکو پاشماوەی خۆیان لەنێو باخچەکە بەجێ نەهێڵن وئاگاداریان دەکەین تاکو پاشماوەی خواردنەکانی خۆیان بخەنە نێو زبڵدانەکەو ئێستا ئێمە هەڵستاوین بە دابەشکردنی عەلاگەی تایبەت بەزبڵ کە لەنێو ئەو عەلاگەیەدا ئاگادارییەکی تێدایە بۆ هاوڵاتیان تاکو رەچاوی ئەو خاڵانەی نێو ئەو ئاگادارییە بکەن کە لەلایەن شارەوانییەوە بڕیاری لەسەر دراوەو هاوڵاتیان دەبێت پاکو خاوێنی پارکەکە رابگرن و چونکە ئەمە شوێنی حەسانەوەو کات بەسەر بردنی خۆیانە لە نێو ئەم پارکە.هەر بە مەبەستی زانیاری زیاتر لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی وڵاتیان بۆ ڕاگرتنی پاک و خاوێنی پارک چومە لەی خانەوادێکی تر و پرسیارم لیان کەرد

پ: ئێوە وەکو وڵاتێکی شاری سلێمانی چۆن هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن لە بەرانبەر پاک خاوێنی شار بەتایبەت پارکەکان؟

و: ءیمە کاتێک کەبۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش رو دەکەینە ئەم شوێنە سەرەتا وەک ماڵی خۆمان سەیری دەکەین ناهێڵین منداڵەکانمان گوڵە کان لێ بکەنەوە یان زەرەرێکی زۆر بە باخچەکان بگەینن چونکا ئەوە کارێکی ناشارستانیەو دەبێ لەوە خۆمان بەدوور بگرین .مندفاڵیکی بجوکیان پێ بوو ئەویش وتی من وەرک باوک و دایکم پاک و خاوێنی پارکەکە ڕادەگرم پاشماوەی خواردنەکەم فرێ دەدەمە نێو زبڵدانەکە .

پ: ئێوە ئەگەر زێزانێک ببینن کە کارێکی وادەکەن چیان پێ دەڵێن؟

و: وەڵا ئەوە ئەبێ خۆیان بەرپرسیاربن لە هەڵسوکەوتی خیان هدەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوانێش پارکەکە خاوێن ڕابگرن چونکا هیچ جیاوازی نیە لە نێهوان ئێمە و ئەوان پارک ملکی هەموومانە.داواکارین لە شارەوانی لە ناو تەلەفزیۆنەکان ریکلامی باش بڵاو بکەنەوە بۆ راهێنانی خەڵک و چۆ نیەتی هەڵسوکەوتیان لە شەقامە گشتیەکان.هیوادارم هەمو خەلکێک ڕچاوی ئەو خاڵانە بکەن.

**سازدانی/ موحسین سەقزی**

## کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانان وەڵامی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف دەداتەوە

**سوپاس بۆ نامە و تێبینیەکانتان .. سەبارەت ئەو نامەیە ئەم تێبینیانەمان هەن:**

1- برایانی بەرێز سەرەتا پێمان خۆشە ئەوەی کە لەسەرەتای وەڵامەکەدا کە ئاراستەی ئێمەت کردبوو نوسراوە"ئێمە هیچ پێشینەیەکمان لەکار و چالاکی و بنەمای یاسایی ئێوە لەلانیە و گومانیش دەکەین لەبوونی کۆمیتەیەک کە راستەوخۆ لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار تەرحی کێشەکان نەکات" ئەگەر بەئەرک نەبێت حەزدەکەین بزانین ئەو لایەنە کێیە کە بەرێزتان تۆمەتبارمان دەکەن بەوەی کە دەستی لایەنێکی تێدابێت، بەداخەوە ئەوەندەی ئێوە ئەو کێشەیەتان بەلایەنی سیاسیدا بردووە ئەوەندە نەتانتوانیوە لە چوارچێوەی بنەماکانی کاری رۆژنامەوانیدا بهێڵنەوە .

سەبارەت بنەمانی یاسایی ئێمە و بە یاسایی کارکردنمان لە باشووری کوردستان، دەتوانن پرسیار لە وەزارەتی رەۆشەنبیر بکەن کە بۆ 6 مانگ دەچێت ئیجازەکەمان نادەنەوە و لە بەشی قانونی شاردیانەتەوە. چونکە سەر بە حزبەکانی دەسەڵاتدار نین بەو حزبانەی یەک دوو وەزیریایشیان لە حکومەتی هەریمدا هەیە .

2- سەبارەت بەیاننامەکەمان کە گوایە بەیاننامەمان بە یەکگرتوو داوە، هیچ ڕاستیەکی بۆ نیە، چونکە ئێمە بەیاننامەکانمان لە یەک کاتدا بۆ هەموو ماڵپەڕ و دەزگاکان دەنێرین بە بێ جیاوازی، بەڵام بەداخەوە هەندێ لایەن ئەو بەیاننامانە بڵاوناکەنەوە و هەندێکیشیان درەنگ بڵاو دەکەنەوە. ئێمە بە پشتپەستن بە بڵاوکراوەی وەزارەتی ئەوقاف کە بە سایتی ئاوێنەدرابوو بەیاننامەکەمان نووسیوە و رەخنەی سەرەکیمان لەسەر هەوڵی دادگاییکردنی ئەو کەناڵەبووە لە کاتێکدا خودی وەزارەت ناوەکانی بڵاوکردۆتەوە و ڕۆژنامەوانان لەو وەزارەتەوە لیستی ناوەکانیان بەدەست خستووە وسەرچاوەیان هەیە .

3- لە ڕاگەیاندندا هیچ لایەنێک ناتوانێت لیستی ناوەکان بەرۆژنامەوانان بدات یان رۆژنامەوان زانیاریەکان بە دەست بخات، و پێیبوترێت بڵاوی مەکەرەوە. ئەگەر نەتان دەویست لیستەکە بڵاوبکرێتەوە دەبێ بە شێوەیەکی نهێنی پارێزرابا.

بەپێچەوانەی داواکەتان رۆژنامەوان لەو شتانە دەگەرێت کە بە شێوەیەکی رەسمی بڵاونەکراونەتەوە بۆ ئەوەی بەو دەزگایانە بڵێت و ئاشکرا بکات کە کەلێن هەیە لە کارەکانتاندا و لایەن هەن زانیاریەکانی ئێوە پشوەخت دەدرکێنن . پێویست بوو ئێوە لە یەک کاتدا ناوەکان بڵاوبکەنەوە و بۆ هەموو دەزگاکان بنێرن نەک ئەوەی بە رۆژنامەوانان بدەن و پاشان پیان بڵێن بڵاویان نەکەنەوە .

4- ئێمە پشتگیریمان لە یەکگرتوو نەکردوە وەک حزب بەڵکۆ کارەکەمان پەیوەندی بە یاساکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە و لامان جیاوازی نییە ئەو لایەنەی هەڵە بەرامبەریان دەکرێت سەر بە کام لایەنە. پێش ئێستا ئێمە بەرگریمان لە رۆژنامەوانانی سەر بە دەسەڵاتیش کردوە و دەتوانن سەردانی ئەرشیفمان بکەن. بەرپرسیاری ڕاگەیاندنی ئەوقاف کە بەقسەی جەنابتان رۆژنامەوانە دەبێ شارەزای یاساکانی رۆژنامەوانی بێت و ئەو وەک بەرپرسیار ئەو کارەی کردوە نەک وەک رۆژنامەوان .

زۆر سوپاستان دەکەین و هیوادارین دەرکردنی بەیاننامەو و ئەو داواکاریەی ئێمە بخەنە خانەی ئازادی کارکردن و ئازادی رۆژنامەوانی و ئامادەین کۆمیتەیەک دروست بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە و بە گوێرەی پێوەرەکانی جیهانی بڕیار لەسەر بدرێت هەر چەندە ئێوە گومانتان هەیە لە کارەکانمان!!

**کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی کوردستان**

2007-08-02

Ko_b_r_ku@yahoo.se

## وێنە دەدوێ




سوپاس بۆ ئەو بەرێزەی کە ئەم وێنەیەی بۆ ناردووین